# نەتەوەیەك لە هەناوی بەفردا

بەفر ئەی پاکترین ڕەگەزی ئاو
لە خوناوی بارانا
تۆ ئازیزترین میوانی ڕۆحە سپیەکانی نەتەوەکەمی
لەسەر زەویە برینداراەکانی
دڵنیام هەتوانی
بەفر ئەی پێناسەی وڵاتە لە گۆ چووەکەم
تۆ کام هەور بۆ ئەم نیشتمانەی هێناوی
ئەی جوانترین وارگەی تریفە
مانگ گیرۆدەی ڕووخساری شووشەیتە
ئەوەتا ئەم نەتەوەیە
ڕۆحی گەرمیان لە دیلی وەڕسە
لەسەهۆڵ بەندانو تەڵزمی شەختەدا
ئەوان لە هەژاوترین زەویدا لە دایك بوون
لە هەناوی بەفردا سەرپێ کەوتوون
چیاکان بۆ ئەوان
داستانی پشتاو پشت بوون
چیاکان بۆ ئەوان چیرۆکی گێڕانەوەی مێژوون:
**زاگرۆس** بچێتەوە سەر هەر مێژوویەك
کراسی لە بەفرەو سەرپۆشی لە تەم
لە هەناوی هەر سپێدەیەکدا

چریکەی باڵندەیەك ئاوێتەی ژان دەبێ
جودی ئەی ڕەنگە گەشەکەی ئاسۆ
تۆ هەر لە بوونتەوە ئاوەدانیت بە بەفرو
کوێستانەکانت خۆر تینووتر دەکەن
ئەی چیا لە مێژینەکەی حەسرەتی سپیو
سروەیەك لە سترانی گوڵە کێوی
ئەی بەژن زەڕاڤی نیوە سپیو دامێن کەسك
لە ئاواتی خۆتا بە هیوای چ زەردەخەنەیەکی
تۆ بڵێی ئەو ڕۆژە بێ خۆزگەو هیوام بۆ بڵندیت هەستنە سەرپێ
**گابار** ئەی سرووشتی جوانی هەوری قەترانی
لێگەڕێ با بەسەر باڵاتا بکشێ
لێگەڕێ با لە ئامێزتا بنوێ
ئەویش چەشنی ئەوینی بەفر خەون ئەبینێ
بۆ ئەوەی بەهارێك لە دامێنتا سەوزپۆش بێ
ئارێز ئاسمانت پڕ لە هەوری شێدارەو
باکان ئەمشەو بە نێو شەوەزەنگدا شێتانە ڕەت دەبن
چنگ لە درەختە ڕووتەڵە بێ نازەکان گیر دەکەن
**هەڵگورد** ئاسۆی پڕ لە بەفرانبارت باش
چاو تێر نابێ لە سروشتی بەفر ڕەنگت
شازادە بەژن سپیەکەی نیشتمانم
ڕابە لە خەوی سپی
**قەندیل** نوقمی ئاسۆیەك لە گزنگەو بەفر

چیتر دەستبازی لەگەڵ قەدەری هەورا ناکات

ئەوەتا ڕێبەندان لەم نیوە شەوەدا بێدارەو

دەیەوێ ئافاتێ لە بەفر بەسەر ڕۆحیدا بسەپێنێ

ئەوسا بە دیار تەرمی هەلاڵەوە

جوانترین بەهار لە عەشق بتۆرێنێ

**ماکۆ** ئەی سپیترین ڕووخساری نیوە شەوی زستان

ئەو ساتەی نور دەبێتە دونیای کریستاڵیت

چلورەکان بۆن بە ئازارتەوە دەکەن

تۆ تەماشا چۆن شۆڕبوونەتەوە

ئەسرین بۆ ئازارەکانت هەڵدەڕێژن

**ئارارات** چیا بەژن سپیەکەم

بەسەر سەرتەوە خۆرێکی ڕەنگ زەردو کز

ملکەچ لە بەردەم بریسکە بریسکی بەژنی سپی تۆدا

گزنگی پەنجەو پل تەزیو پرچی ئاسۆت شانە دەکا

مێژوو لەسەر بەفری ئەستورت بە پێنووسی خواوەند ناوی ئاراراتی هەڵکۆڵی

نووسی چیایەکی ئەوین سپی

**کاروخ** ئەی چیای پڕ لە خەندەی بەفر

تۆ هەناوت پڕە لە جلیوەی خۆزگە

لێوت ئەڵێی بۆ گزنگی خۆر پێکەنیووە

**خوا کورك** هەمیشە سپی پۆش دەچیتەوە

هەورە یاخیەکان بڕیار دەدەن هەراسانی کەن

شەو درێژەو ڕەشەباکان لە سنووریدا شێت بوون

بە قەهری خۆیانەوە چڵی درەختەکان دەشکێنن

تۆش چیا شەهیدەکەم

چاوەڕوانی بارانێکی بۆنی ئەوینی تیا هەڵمژی

**حەفتانین** سیمات پڕە لە نور

گەروت پڕ لە ستڕانی بەفر

ئەو ساتەی چاو بۆ ئاسمان هەڵدەبڕی

پروشەی بەفر ئاوێتەی سۆمات دەبن

**بەمۆ** لێت پیرۆز بێ شەوی ئەم بەفر بارینە

هێندە جوانی بە نێو وەرزی مانگەشەودا ڕەت دەبی

تۆ بە جوانترین دنیای خەیاڵەوە

لە نێو زیندە خەودا بە ئەوینێکەوە ونی

**پیرەمەگرون** کە ئەبی بە تابلۆیەکی بەفر

لە تازەترین ڕۆژهەڵاتی عەشق دەچی

چەند جوانە پەرچەمی ئاوریشمینت

لە ڤێنووسی ڕووخسارت نابنەوە

لە دیمەنی سیحر ڕەنگتا سەدان بۆنی ئەوین دەبەخشنەوە

٢٠٠٨سلێمانی

# ئافاتی تەرزە

ئێوارەیەو هەورێکی شێت،
بە تووڕەبوونو قینەوە،
بیر لە کوشتنی بەهار دەکاتەوە،
گیرفانەکانی هەوری شێدار پڕن لە ئاوی مەیو
تا بەری داتەوە بۆ شێواندنی زەماوەندی گژو گیا سەوزەکان.
لە چاو تروکانێکا زەمەن دەگۆڕێو
ئافاتێکی بێ وێنەی بۆ سرووشت سازان.
ئەمێستا تەرزە دەبارێ،
تۆ تەماشا خلبوونەوەی ئەو بەردە ئاویانە:
لە سەرقاڵی زرمەو کوتا،
چەندە پڕە لە گیانەڵا،
چەندە پڕە لە ڕۆح کێشان،
چەندەش پڕە لە تەوژمی هەناسە سواری
لە قیژەو هاواری پەلکە گیاکان،
تەرزەی چی سوپایەکی بێ وێنەی پۆشاك سپییە،
تا سنووری یاخی بوون،
پرچی گژوگیای تاڵ تاڵ ووردو خاش کرد،
دەخیل تەرزە ئەو درەختانە تازە پشکوتوون
چرۆیان ساواو سەوزە،
دەخیل تەرزە ئەو پۆلە قولێنگەی ئەمرۆ زەماوەند دەکەن

سامانڵ باوەشی بۆ راگرتوون
تووبی خودا لێیان تێك مەدە مەیان کوژە.
دەخیل تەرزە ئەو کۆمەڵە پاساریانە گەلیٚ ڕۆح سوکن،
بەرگەی ئەو هەموو کوتانە ناگرن.
دەخیل تەرزە نەبیتە ئافاتی قیامەتێك بۆ قەتارەی ئەو مێروولانە
کە تازە بە کۆڵانی بەهارێکدا بە عەشقەوە پیاسە دەکەن.
دەخیل تەرزە ئەو پەرەسێلکانە هەر ئەم ئاسمانە شك دەبەن
بە ڕقی خۆتەوە لە ناویان مەدە
دەخیل تەرزە ژیان گەلێك شیرینە
ئیتر بەسە ئەو هەموو ڕقو کینە
ئەو هەموو ڕۆح کێشانە
ئەو هەموو لەبارچوونە
بەم بەهارە سەوزو نازەنینە

٢٠٠٨/٤/١٧ سلێمانی

# ئەو ساتانەی هاوەڵی شەوم

ئەندێشەکانم دەبنە تاڤگەیەك لە وشەو
دەرژێنە نێو قوڵترین گۆمی مەنگی خەیاڵمەوە.
هاژە شێتەکانی تووڕەو یاخیم
هێندە هاروهاجن بەسەر تریفەدا باز دەدەن،
جار جار بە وەفایەکی بێ خەوشەوە
دەبنە میوانی ماسی یە ڕەنگاڵەییەکانو
بەرەو کەنارێك بە تریقەو قاقاوە ڕێدەکەن.
شەو هاوەڵی عەشقو ئەوینمە،
سپێدە چاوەڕوانی خۆشترین جریوە یە
ئای لە ساتەکانی شەوگارم
باوەش بۆ بێدەنگیو تەنیایی من دەگرنەوە،
پێ دەچێ بزرترین ئەستێرەی شەو بم
بە سنووری ئاسمانەوە داگیرسابم،
کێ وەك من ژەنەڕاڵی بێداری شەوە،
جەستەم بە قاپوتێکی ڕەشەوە،
پەنجەکانم بە شیعرێکی سپی یەوە،
داستانێك لە هاواری شەوە زەنگ هێدی هێدی دەنوسمەوە
گوڵەکەم ئەگەر مەرگ ڕێگەم بدات،
چیرۆکی شەوەکانم دەکەم بە جوانترین شاکارو
بە چەپکێ گزنگەوە بۆتۆیان دەنێرم.

# ئەو ساتە باوکم مرد

یەکەمین کەس دایکم بوو شەوەکانی بەتاڵ بوونەوە
وەرزی گریان پێی نایە نێو تەمەنیو
کۆشی تەڕبوو بە نمەی فرمێسکە باران
هۆ دایە گیان ئەوە دەرەنجامی ژینە
مردن بێ ڕەحمانە دەست دەخاتە گەردنی ژیانو دەیتاسێنێ
فەنابونێك بۆ هەمیشە جێ نزرگەی هەتا هەتاییە
ئیتر باوکم نایەتەوە نێو حەوشەی ماڵەکەت
فەنابون بوە جێ نزرگەی هەتا هەتایی
ئای چەند بەژانە دابڕان؟!
ئەمە ووشەی سەرزاری دایکم بوو
دیاربوو ئێستاش بەپرچی یادگاریەکانەوە
شەتەك درابوو
لەدنیایەکی خورافی دا هەر لەگفتو گۆدابوو لەگەڵ باوکمدا
ئەو نەیدەویست لەو جیهانی بێ ئاگایە خەبەری بێتەوە
تا ئەو ڕاستیە ببینێ
کەبریتی بوو لەکۆچی ناوادەی هاوسەرەکەی
من بە ئاگام هێنایتەوە
ووتم بڕوا بکە دایەگیان
ژیان پڕە لە چیرۆکەکانی مردن
کایەکانی خۆشەویستیو پێکەوە ژیانو یاخی بوونو فڕینەکان دەقۆزێتەوە

بگری بگری ئەی دایە هەقی خۆتە
باجۆگەلەی فرمێسکەکانت رۆمانی یادگارەکانت بنوسێو
لەناو دەریای بێ ئەویندا باسەرتاپای نوقم بێ
هەتا ئەم کۆستی پڕ لەعەشقەی تۆ
بێتە سونبولی بێ گەردیەکانی دوێنی تانو تەسکینەیەك بدا بەرۆحی تەزیوت
من داگیرسام هەروەکو گڕێك لە نێو بەفرێکی تازەدا
منو دایکم بە جووت سەرمان کردە بەزمی گریانێ هەتا ناخمان هێورکاتەوەو
ئەوینمان بەردەوام بێ بەرەو سپێدەی رۆژێکی نوێ.

۲۰۰۸/٥/۳دربندیخان

# ئاوازی دەنگی ناسکت

**بۆ هاوڕێ‌و هاوسەرم (سرگوڵ)**

ئەو ئاوازەی کە نەیهێشت بمرم
دەنگی خۆش ئاوازی تۆ بوو
ڕۆژانە کە بە ناوی خۆمەوە بانگم دەکەی
وا هەست دەکەم
تێکەڵ بەشەپۆلی مۆسیقا دەبم
ئازیزەکەم،
ڕازەکانت شیرینن،
شیرینتر لە شانەی هەنگوینن،
ئەوە منم لە دەنگی سۆزدارتا سەراپا دەخرۆشێم،
ئاوازێکی نەبیستراوم بە گۆرانیەکانتا هەڵدەزنێم،
پڕ بە دڵ خۆشم دەوێیت.
ئالۆدەو شەیدای ئەو دەنگە ناسکەتم
لە لام خۆشترە لە تارو نەی
هەرگیز لە دەنگی مۆسیقا ئاسای تۆ بێزار نابم،
کە تۆ ئەو مۆسیقایە پڕ خرۆشە بیت لە گیانما،
من دەبمە گۆرانیو رۆح دەبەخشم لە پێناوتا،
گەر بێتو ڕۆژێ نەوای خۆشی دەنگت نەبیستم،
بە خەمێکی گرانەوە لە هەموو ژینم پەستم

**٢٠٠٨/٥/٢٠سلێمانی**

# ئاوازی دڵە کوتەیەك لەمەراقی ئاهێکی تامەزرۆدا

ئەی شاجوانەکەی نێو خەونی حەزی نامۆو کەساسم
کە بە ڕێکەوت دەردەکەوی لـە حەقیقەتی ژینمدا،
پێم سەیرە کە نیگاری شۆخت نەناسم،
ئێستا کە لـە دوورەوە باڵای شەنگت دەردەکەویٚ،
موچرکی تەزووی عەشقت،
هەموو خاکی جەستەم دەهەژێنیٚ.
پڕ هەیەجانە دەریای بیٚ ئارامی ئەم دڵەم،
پڕ زریانە جەنگەڵی سەوزی نێو سینەم،
ئاوازی دڵە کوتە کوشتمی،
شەپۆلی عەشقت کوچە بە کوچە بردمی،
تا لـە چاو وون دەبی لـە مەراقێکی ڕەش پۆش دا
هەزاران تەمەنای خەم ڕەنگت بۆ دەکەم.
ئەوە منم لـە سووتانی دڵێکی مەستا
خۆمت بە قوربان دەکەم.
هەموو ساتیٚ دەڵێم گەر ئەم جارە هاتوو مانگی ڕووی دەرکەویٚ،
لـە ڕاستە شەقامی حەزما هێمن هێمن سەرکەویٚ،
بە هەموو قودرەتمەوە
پیٚ ئەنیٚم بە جگەری خۆما،
پیٚ ی ئەڵێم بم بەخشە فرسەتێکم لـە تۆی شاجوان دەویٚ:
(منم بەحەزێکی شێتەوە تۆی نازەنینم خۆش دەویٚ،)

بەڵام کە دێیتە سەر ڕێگام
هەموو ڕووخسارم سوور دادەگەڕێ،
ئیدی زمانم نەنگو لاڵ دەبێ،
نازانم بەکام بەستەی عەشقەوە بۆت بدوێم،
بۆ باڵای شەنگت مەراقێکی پڕ لە سوێم.
لە خەیاڵما هەردەم دەژیت
هەموو بیرم لای جوانی تۆیە
کاشکی بۆ تەنها شەوێك،
لە بۆنی باوەشتا مەست دەبووم
چی دەبوو با ببایە.
دەبا بمرم گەر من بە تۆ نەگەم
ژینم بێ تۆ مەحاڵە
گەر تۆ هاوسۆزم نەبی
رەنگم پڕدەبێ لەمردن.
چرۆی رۆحم بەو خەزانەوە ناژی

٢٠٠٨/٦/١سلێمانی

# ئازار

ئەوە ئازارە ژینی موتوربە کردووم لەئیرادە
فێری کردم بە هیواوە بژیم.
کە ڕەشەبای ئازار هەڵ دەکات
لەسەر خاکی سەوزو شینما
وەك پیرە درەختێ دەچەم بە گژیا.
ئازار جەستەم پڕ دەکا لە ئیرادەو
بە خەندەوە بەرەو پیری دەچم.
من لە زایەڵەی هەر هاوارێکدا
لەدرەختێکی پێدەشتی لقو چڵ سەوز دەچم،
چونکە من ــ منی پڕ لە سروەو هیوا
دەست دەخەمە نێو دەستی ئاواتو بە لووتکەدا سەردەکەوم،
بەرەو ئایندە درێژە بە ژینم دەدەم،
پاڵەوانی ڕاستەقینەی شانۆیەکی پڕ لە مەرگەساتم،
بێ باکانە سوپای ئازارم چنگ لەسەر شان ڕاودەنێم.
وەك سامالّی دوای تەم تومان بەخۆرێکی پرچ زەردەوە چاو هەڵدێنم
بەخەندەوە پێم دەنێمە نێو هەواری عەشقو ئەوینم،
ئێستاش بە لەشکری ئەو هەموو ئازارەوە،
سەرمەستی قولّترین بزەو پێکەنینم

**سلێمانی ٢٠٠٨/٦/١٠**

# بەقیامەتی نیشتمانێکەوە چاوم هەڵهێنا

دایکم بە نۆ مانگو نۆ ڕۆژەی منەوە
سەدەها جار بە گرمەی فڕۆکە،
دڵە گەورەکەی ڕاچەنی،
بە گرمەو ناڵەی تۆپو تەیارەوە،
بە قرمە ژنی گوللەوە لە هۆش خۆی چوو
ئەو ساتە وەختەش بە ژانی سەختی منەوە ئازاری بێ پایانی کێشا،
بە قیامەتی جەنگێکەوە لە ژێر زەمینێکدا چاوی گەشم هەڵهێنا،
بۆ جیهانێك پڕ لە ئاشوب هاتم
ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بەغەوغای پڕ حەشاماتی مرۆڤەکانەوە
گەورە دەبووم
کە چوومە قوتابخانەش
هارو هاجی مناڵە بزێوەکانی خۆم ئاساش هەروابوو
گەراجەکان، گازینۆکان
مەراسیمی جەژنەکان ، ئاهەنگو بۆنەکان، شانۆکان ، سینەماکان
کۆڕو سیمینارەکان، کۆنسێرتی گۆرانی بێژەکان،
جمەی مزگەوتو قوتابخانەکان،
مرۆڤەکانی هاوژیانم بوون
من بە قیامەتی جەنگە هەمیشەییەکانی وڵاتەوە
تەمەنێك لە گەنجێتیم دۆڕان،
من بە قیامەتی برسی کردنێکەوە
سەدان جار نەفسی خۆمم لە خۆم تۆران،

من بە قیامەتی شەڕی برا کوژیو کورد کوژیەوە
ئاییندەم لە خۆم ڕەنجان،
من بە قیامەتی ئەنفالەوە سەدان گوندم وێران بوونو داڕووخان،
من بە قیامەتی هەڵەبجەیەکەوە نیشتمانێکم بە کەلتوورەوە هەراج کرا،
من بە قیامەتی (کۆڕەو)ێکەوە هەنگاوەکانم شەکەت بوون،
من بە قیامەتی نیشتمانێك قوربانی یەوە
باجی هەموو تەمەنم دا بە دزو مشەخۆران،
من بە قیامەتی پیاوانی دەستی گەندەڵیەوە
نیشتمانم بە کۆستەوە فرۆشراو
من بە لێفەیەکی شڕەوە شەوگارەکانی سەختی ژیانم تێ پەڕاند
سەراپای جەستەم لە سەرمانا هەڵدەلەرزی،
من بە قیامەتی گۆڕی بە کۆمەڵەوە
چاوەکانم پڕ بوون لە چۆڕاوگەی ئەشكو گریان،
کە من لەم دونیایەدا ئەو هەموو قیامەتو حەشرەم دیبێت
ئیتر کام قیامەتی تر ئەتوانێ بە سزای خۆیەوە بمترسێنێ !! ؟؟
نازانم... کام قیامەت؟!

٢٠٠٨/٦/١٥سلێمانی

# بەفرانبار

سرووشت تا بلّیّ ی مەستە
بە هەناسەی تەڕی هەورو تەمو با،
هەوری سپی ڕوخسەتی لە ئاسمان خواستو
سەر لە بەیانیەك بە مانۆڕی سوپای بەفریکەوە شانی دادا،
خۆر لە نیازی هەور تیّ گەیی
زەوی قاپووتێکی لە گەلاّی وەریو داباشانیا،
هەردوو دەستی خستە گیرفانی
کلوی بەفر وەك ڕەوە پەپولەی بیّ شۆمار داباری،
هێندە سپیو جوان بوو دلّ ئەشقی ئەوبوو.
بەفر کە ڕاکشا لەسەر سنگی زەوی،
چرپاندی بە گویّ ی خاکدا،
پیّ ی ووت: ئارام بە ئارام،
دەبیّ بە گیانی ئازاری بەفریکەوە ئۆقرە بگری،
چەند شەویّ لەسەر پێخەفی گەرمو نەرمت دەنووم،
کە توامەوە بە دەم ئەوینی خۆرێکی چاو گەشەوە
ئەوسا لات دەڕۆم،
چۆن ڕۆشتنێك!،
لە پاش خۆم تۆ دەسپێرم بەسەر زەمینێك
پڕ لەخەندەی مێرگو کانیو لالەزار
بە نەرمە گیای جوان و سەوزەوە
هەزاران گولّی عەشقت بۆ دەخەملّێنم،
بە دوونیایەك بۆنی خۆشەوە

نیشتمانت دەخەملێنم
مژدەی تریفە بەشەوگار دەبەخشم
منیش دەلێم چەند شیرینە ئاسمانی
سەر لە بەیانیانی بەفرانبار،
چەند جوانە کولوی بەفر کە خۆی لار دەکاتەوەو
بەدەم باوە سەر بەرەو خوار
لە منالیمەوە هۆگرم بە جوانیەکانی وەرزی زستان.
حەزەکانم وەها خولیای
هەورروبان
بەقەد بالای ئاسمان
چاوەکانم هێندە شەیدای دونیایەکی سپین
بۆ ژیانەوەی بەهارێکی پرچ سەوز
وەرزی بەفر چارەنوسی بەهەشتێکە ئالاو والاو نەخشین
ئەوە خەندەی چرۆی سەوزە
کەڕەنگی بەفر پیێ ی بەخشین

٢٠٠٩/٢/١٢ سلێمانی

# بەمۆ

ناودارترین چیایە لە مێژووی شۆڕشدا
داستانێکە
پڕ تێکۆشان
سۆزێکە لە گەرووی دەروێشەکانی خودادا،
هۆرەیەکە لە سینەی پیرەمێردێکی دڵ بەسوێدا،
بەهارێکە تازە لە نەورۆزدا گوڵاڵە سوورەی شکۆفە دەکا،
بەهاران لە بناری ئەو کێوەدا هەزاران داربەڕوو
بە تیشکی خۆرەوە چرۆی سەوز دەبێ،
ئەم بەمۆیە پڕ لە بۆنی هەزاران خۆشی گوڵانە
تۆ تەماشا لەسەمای سەوزەڵانا خەندە دەبەخشێ
گەلەکەم بەمۆم دەناسێ،
ئەم بەمۆیە ژانی سەختی بێ ئەژمارە،
وەلێ حەوسەڵەیەکی قوڵی هەیە،
ئاخر ئەم بەمۆیە سەردەمێك بوو
پڕ پڕ بوو لە پرسەو شینی مەرگەسات،
لە شەوگاری ڕەش،
لە بێزاری فاشستەکان،
هۆزەکەی بناری سەدەها جار گریاو
گەرویان پڕ بوو لە زایەڵەی هاوار.
ئەم چیای بەمۆیە

سەنگەرێکە پڕ لـە بەرخوردانو سەرهەڵدانی کوڕانی بوێرو ئازا،
ئێستاش بۆنی خەباتی سووری لـێ دێت.
دەزانم بەمۆی سەرکەشو بەرزو سەوز
مێژووی پڕە لـە هەزاران یادەوەری،
هی ئەوانەی لـە بناری تۆدا،
بە نەعرەتەی خەباتەوە کەوتنە ڕێ،
کەچی یەك یەك لـە پێناو نیشتماندا شەهید بوون.

**٢٠٠٨/٣/٢٠دربندیخان**

# بۆ ئارامی گیانم

ئارام
کۆرپەیەك بووی لە نا ئارامی ڕۆحمدا گەورە بووی،
بوویت بە ئارام
تا ئارامێك بە دڵی بێ ئۆقرەم بدەی،
بەڵام لە بیرت نەچێ
سەهەندترین دیاری عەشقی خاوێنم بووی،
پەشێو بوو ڕووخساری ژاکاوی ژینم،
ئارام گیان
تاوانی من نەبوو،
دوونیاش لە گریانی خۆیا وەك من ئۆقرە لێ بڕاو بوو،
بۆ نارەزایی لە دەست بێ وەفایی،
ناوەکەی تۆم چرپاند بە گوێیدا،
ناوەکەت گەلێ پیرۆزە
لە دەریای ئارام ئارام ترە.
هۆ ئارامی ئەو دڵە یەکجار پەشێوەم،
سەردەمێ لەمەوپێش سەرکردەیەك هەبوو بەناوی ئارام .
لە خۆشی ئەو پیاوە مەزنە
ئەو ناوەم لێ نایت
ناوەکەت لێ پیرۆز بێ،
پڕ بەسۆزو هەستی جوانی خۆتە،

لە ڕووخساری گەشتا دیارە
لە ئێستاوە مرۆڤێکی ئەویندارو مەزنی
بە شەرمە کاڵەکانتا دیارە،
ڕۆحی پەپولە ئاسات بێ دەنگتر لە هاوارەکانی ناخت.
ئەوە جگە لە ناڵەی ئاوازە سپی یەکانی تارەکەت
ژانی سینەم ڕا دەژەنێ،
سەرکەوتن ڕووخسارە گەشەکەت جێ نەهێڵێ،
من دەستو پەنجەی نێو ژێ ی تارە مەحزونەکەت دەگوشم،
تۆش لەگەڵ خەمەکانی نیشتمانا،
ئاوازێ لە ناوەکەت بژەنە
بۆ ئەم کوردستانە بەهارێکی پڕ لە لالەو هەڵاڵەی کوێستان بە،
ئەستێرەیەکی درەوشاوەی ئاسمانی شەوگاری تاری بە،
ببە بە شنە باو بە ئارامی گوڵی باخچەی نیشتمانەکەم ڕاژەنە
٢٠٠٨/٢/١٦ سلێمانی

# بۆ شەهرامی کوڕم

کوڕە شیرینەکەم شەهرام
کۆرپەیەك بووی خرۆشت دا بەگیانو خوێنی مەیوم،
مژدەیەك بووی
نوێت کردەوە هەموو ژینم،
شەوان لە گریانی ساوایتا
ئاوازێك لە دنیای جوانی بووی،
تێکەڵ بە پەیڤی ئەستێرەو
نمەی ڕێژنە بارانێکی
لە پاڵ گەردەشی ئازاری خۆما
نووزەیەك لە سرووشتی شەوەکانی تۆ بووم،
چونکە خۆم دیلی دەسەڵاتێ بووم
هەموو ساتێ لە بوونی خۆم لە سێبەری بەژنی خۆم دەترسام
لە نێو حوکمی نارەوایاندا
ترسی ئەوەشم بوو تۆش بەر شمشێری ئەو خێڵە خوێن مژانە کەوی،
بیرم هۆشم لای چارەنووسی نا دیارت بوو،
ئاخر نەوەی ئەو سۆزانیانە
ئێرەیان وێران کرد
بە هەر حاڵ ئەوان بۆ دواجار
بە تۆڵەی گەل گلانو سووتان.
ئیدی وامزانی ، شا هۆزەکەم

بەد بەختی‌و ستەمکاری تەواو،
ئیدی وامزانی نیشتمان دەبێتە چرایەکی داگیرساو،
بەلاّم، خەوە پەمەیەکانم وا دەرنەچوو،
بە ژینێکی پڕ مردنەوە هەردوو بووینە خۆڵەمێشێکی پڕ لەسووتان،
گەمارۆی سەر سەریان داین‌و برسیان کردین،
بە ڕۆژگارێکی پڕ زەحمەت هەردوو شەکەت بووین،
هەردوو ڕقمان لە ژین بوو،
کە شەڕی برا کوژیش ئاگری بۆ خۆش کرا،
مەرج بوو ئێمەش بگرێتەوە
پڕ بە دڵ دەگریام بۆ نیشتمانێك لە گەمەی خوێندا،
ئێستاش کوڕم کە گەورەیت‌و ڕاست‌و چەپی خۆت دەزانی
دڵنیام لەم ژینە ئاشوبە تێ دەگەی
هەرگیز نەکەی پشت لە نیشتمانت کەی
چونکە تۆی پێویستە،
گەر بتەوێ سەرکەوێ
نەوەیەکی پاکی داهاتووی گەلو هۆزت بە،
چرای داگیرساوی نیشتمانت بە

٢٠٠٧/١١/٢٧ سلێمانی

# بڕیاربدە

بڕیار بدە خەرامانە بێ ئۆقرەکەم بڕیار بدە،
دەبا ئەم شەو لـەم وولاّتە پڕ ئاشوبە بە جووت هەلّبێین،
بەرەو کیشوەرێکی دوور بڕۆین،
بۆ دوورگەی عەشقێك هەنگاو بنێین،
یا بۆ یەك دەبین یا لـەو پێناوەدا سەرمان دادەنێین،
نازدارە چاو بە ئەسرینەکەم،
دوو دلّ مەبە،
نیگەرانی چارەنووسی داهاتووی ئەم دەڤەرە سەر شێتە مەبە،
لـێرە سروەیەك نیە ناوی عەشقو خۆشەویستی بێ،
ڕازی بە ئەمشەو بەرەو هەوارێکی پڕ لـە ئەوین بکەوینە ڕێ.
گولّە خانومانەکەم،
نازەنینە حالّ پەرێشانەکەم،
پەیمان بدە،
وەرە ڕێ کەوین ئەم مەملـەکەتی ژانە تا زوە جێ هێلّین،
لـێرە حەزێك نابینم جوانە مەرگ نەبووبێ،
عەشق فرە نامۆیە،
گەر بتەوێ لـێرە پێکەوە بژین،
هەتا ماوین بە داخی ئەوینێکەوە سەر دەنێینەوەو لـەو پێناوەدا دەبێ بمرین،
وەرە بڕیار بدە ئازیزەکەم،
کات درەنگە،

دەستەکانتم بەرێ ئازیز تا بە هەورازی چیاکاندا سەرکەوین،

با چیتر دڵ پەرێشان نەبین.

با چیتر لە ئامێزی ئەم عەشقەدا

هەناسەی حەسرەت بۆ یەکتر هەڵنەکێشین،

بڕیار بدە،

دەوەرە با هەر ئەمشەو

ئەم وڵاتە بە جێ هێڵین.

٢٠٠٨/٧/٢٢ سلێمانی

# دیمەنێك لەبەهاردا

لە دوورەوە لوتکەی چیایەك ئاودامان بە بەفرێك سپی،
سرووشت بە دەم تیشکی گزنگەوە پێ دەکەنی،
لە بناریا سەدان هەڵاڵەی چاومەستی کوێستان هەڵدەلەرزی،
سەوزە گیای پڕ لە شەونم هاژەی ڕووبار بە پاڵیدا
دارو دەوەنو پرچی گەڵاکان بەشنەبا دەشنایەوە
لە سێبەری گەواڵە هەوردا هەزاران گوڵی ڕەنگاو ڕەنگ خەملاون سروەی با دەیان شەکێنێتەوە،
پەپولەو هەنگ لە مەراسیمی جەژنێکی نەورۆزدا عاشقو هەڵوەدان،
پۆل پۆل دەخوێنن مەلەکانی ئاسمان لە بەزمی بەهارێکدا،
باعە باعی بەرخو مێ گەل تێکەڵ سروەی خۆشی با دەبێ،
هۆ هۆی شوانو سەدای کارژۆڵەی ساوا،
سەمفۆنیایەکە، گوێچکەی بیستن هەرگیز لێ ی تێر نابێ،
ئاوی بەفراوان خاراوێکە سەر بەرەو خوار
زەنگۆڵ زەنگۆڵ دێتە خواریو
گۆمێکی مەنگ ڕەها دەکا
چەند جوانە ئەم نیشتمانە بەهەشتێك لە عەشقەو
پڕ دەریایەکیش لەجوانی
کەهەزاران دڵ تەمەنای دەکا

٢٠٠٨/٣/١٥ سلێمانی

# دڵ

دڵ ئەگەر لە گەردەشی حەسرەتێکا موبتەلا بوو،
ئەگەر سەری لە کۆشی خەمێکی بێ هاوتا بوو،
بە درێژایی ساڵ،
لە دۆزەخی دابڕاندا جەفا کێش بوو،
ئەگەر لە حەزێکی شێتانەدا دێوانە بوو،
لە مەراقی دڵشکانێکا گەر بوو بە خوێن
هیچ مەڵێن ــ هیچ
دەسا من ئەو دڵە شێتەم
لە غەریبی‌و بێ کەسیمدا بە حەسرەتێکی قەفەسیەوە تەوەلام،
سیمایەکم لە تابلۆی غەم،
مەپرسن لێم چەندە تەنیام،
لە ئامێزی زستانێکی پڕ بەستەڵەکا مەلێکی بێ هێلانەی تاسە بارم،
دارێکی ڕووتەڵەی بەر کزە بای حەسرەتێکم.
پڕ پشکۆی سوورە ئەو دڵەم،
گومان لە خۆشەویستی دەکەم،
گومان لە وەفا دەکەم،
لەو ساتەوە دڵم بە ڕەشەبای دەڤەری قین شکاوە،
هەرچی جوانی ئەم دوونیایە
لام بووە بە هەرێمێك لە سەراب‌و جادو.
تۆ سەیرکەن چارەنووسم چ بەزمێکی سازاندووە،
بە تووڕە بوونی شەوە زەنگێکەوە سەراپا هەموو ژینم تاریك بووە
سلێمانی ٢٠٠٨/٧/٢٥

# دڵێکم لەخۆگرتووە

دە ببینە ئەم دڵەی من
هەموو عەشقە شیرینەکانی تێکەڵە،
بە خەندەوە بەدەم جوانی ژیانەوە سەما دەکا
عاشقە بە چاوەکانی دایکمو سرووشتە شیرینەکانی نیشتمان.
دڵۆپ دڵۆپ خوێنە شەرابیو سوور ڕەنگەکەم
دەڕژێتە جۆگەی ڕۆحمەوە.
سڵاو دڵە شەیداکەی مەملەکەتی هەورو بەفر
خۆ دەبینی ئەمشەو چ حەشرێ بە فرمێسکەکانم دەکا،
یاران من چ دڵێکم هەیە لەبەزمی ئەم ژینەدا
پڕە لە ئاوازی خرۆشی مۆسیقا،
پڕە لە چرۆی تەڕی گوڵستانێك لەبەر باراندا
کە دەبینم پۆلێ کۆتری سپی دەفڕنو لەشەقەی باڵ دەدەن لە ئاسمانا،
ئەو دڵەم مەیلی لێیە
لەگەڵ ئەواندا بە ئاسمانا گەشت بکا.
ئێستا هەناسەکانیشم وەك دڵۆپی باران تەڕن،
هۆنراوەکانیشم وەك هەناسەی گوڵە باخەکان تەڕن،
شەپۆلی سەرنجەکانیشم بە سرووشتی جیهانێکی خەیاڵی یەوە تەڕن،
هاوارەکانیشم وەك هەورە بروسکە بە لێزمەی بارانەوە تەڕن،
فرمێسکە گەشەکانیشم پرژی تاڤگەی سەرکێوان تەڕن
ئەوە دڵی منە لەخوێنی تەڕدا
کە دەریای عەشقم پاك دەهەژێنن

سلێمانی ٢٠٠٨/٨/١

# دڵم تەنگە

یاران ــ دڵم زۆر تەنگە
لەم نیوە شەوە غەریب کوژەدا،
بە ماتەمی حەسرەتێکەوە ڕاکشاوم
لە ژوورە تەنیاو چۆڵەکەمدا
شیعرم چەشنی جەستەی ماندووم لێی ڕاکشاوە،
هەردوو ماتین،
دڵمان لە پرسەی غەمێکدا ڕەش داگیرساوە.
لە کەناری دە یان ئازارا لەنگەر دەگرم،
گینگڵ دەدەم،
چەشنی مارێکی زامدار پەپکە دەخۆم،
سەری ماتەمم هەڵدەبڕم بۆ هیوایەك،
دڵم تەنگە ــ دڵم تەنگە
ئەوە منم خەوم نایە،
وەی لە نوزەی ئەم شەوی یەڵدایە،
بۆ منی دەردەدار کۆتایی نایە،
باوەڕ ناکەم هەرگیز
ڕۆژ لە منی بەدبەختو کلۆڵ بێتەوە،
دەترسم بە داخێکەوە ئەمشەو بمرم،
یا وەك ئەستێرەیەك بکشێم
بۆ ئەبەد لەئاسمان ون بم

٢٠٠٨/٨/١٧ سلێمانی

# دڵنیابە هەناسەکەم

لە ڕووی گەشی مانگەوە وەفایەك فێربووم،
ئاخر مانگ بۆ شەوێکیش باوەشی ئەم ئاسمانەی بەجیٚ نەهێشت،
زۆر حەز دەکەم منیش بێمە نێو باوەشت،
بە وەفایەکەوە بسووتێم تێر بم لە خەندەی لێوی گەشت
پێم سەیرە دەژیم دوور لە بالاٚ شەنگەکەی تۆ،
بە کۆستی ئەم قەدەرو دابڕانەوە بیٚ تۆ ڕۆحێکی بیٚ نازم.
باوانە دوورەکەم،
بە عەزرەتەوەم لە خەونیشدا تاوێك بتبینم،
ئاخر گوڵم ئەستێرە چۆن بیٚ ئاسمان دەژی،
کە نیگای خۆریش دەکەم
ئیرەیی پیٚ دەبەم،
ئەو خۆرە جوانەش،
لەبەر خۆشەویستییەك ئەم ئاسمانە جیٚ ناهێڵیٚ.
تیٚ ناگەم لەو نهێنی ئاسمانە،
ئاخر نە هەور نە کۆترو باڵندەکان،
نە کۆلارەی مناڵە چاو گەشەکان،
نە شنەبا نە باو بۆران بۆ ساتێکیش باوەشی شینی ئاسمان جیٚ ناهێڵن.
تۆ ئاسمانێك بووی لە چاوانی عەشقما وون بوویت،
گۆمێکی شینو جوان بووی زریانێك لێڵی کردی،
گوڵم ئەم ئەوینە ناو دەنێم دابڕانی ئاسمانو ئەستێرەکان،
بەلاٚم دڵنیابە هەناسەکەم،
هەرگیز لە یادم ناچی،
تۆ هەوێنی گشت ئازارە بەسوێکانی منی
کەلێم نابنەوە تادوا ساتی چاولێك نان

# درەختە رووتەڵەکەی پاییز

درەختە ڕووتەڵەیەکی نێو قەدی ئێوارەی پاییز،
لقو پۆپی بێ گەڵای بە ڕیشۆڵە گرمۆڵە قەترانیەکانەوە بوو،
چڵە وشکەکانی لە تەنی گرانی ئەواندا سەریان خوارو نەوی کردبوو،
پۆلێکی بێ شوماری نوێش بە ئاسمانەوە دەیانوویست بێنە سەری،
لە پشت درەختەکەوە دوا خۆری پرتەقاڵی لە نێو تەنکە هەوردا
دەمێك سورباو و دەمێك نارنجی،
تابلۆیەکی دڵگیر بوو جوانتر لەوپاییزە پرچ زەردو ڕووخسار ئاڵتوونییە
ڕایەڵەی خەیاڵم مەستانە گۆرانی بۆ ئەو سرووشتە دەچڕی،
سروەی (با) ئاوازێك بوو لە ئەوین شیرینتر
تاکە تاکە چۆلەکەی نێو ڕیزبەندی ئەو ڕیشۆڵانە
هێندە بزێو بوون، لەڕەنگی پاییزدا
بە جریوەیان تەنگیان هەڵچنیبوو بەو سوپا ڕەشانە،
وەك بڵێ ی ئەو درەختە هێلانەی بەرزی چەند ساڵە یان بێ،
بەفڕەی باڵیان پەیتا پەیتا بێ ئارام بوون،
تاکو شوێنی ئەوانی پێ لێژبێ،
کە شەقەی باڵی چەند کۆترێ بە ئاسمانی سەریانەوە ڕای چەنین،
ڕیشۆڵەکان ـــ نەبزاوتن ـــ کەچی چۆلەکەکان لە ترسا لەسەر ئەو دارە هەڵفڕین،
پاش چەند چرکەیەك کە خۆر ئاوا بوو،
تارماییەك پێ ی نایە نێو مەغریبێك بەکپی  غەریبانەوە
کە سەرم هەڵبڕی دیم درەختە ڕووتەڵەکەی ئێوارەی پاییز،
خۆی تاکو تەنیا لە غوربەتی دابڕانێکدا بوو
تاریکی لەڕەنگیا
باوەشێك لەشەوبو

٢٠٠٨/١٠/٢٥ سلێمانی

# گەر لێیان پرسیم

گەر لێیان پرسیم
بۆ شەیدای وەرزی زستانو کلوی بەفری،
عاشق بە تەمو هەناسەی کزەبای ساردی شەوی،
حەیرانی هەوری سپیو چۆڕاوگەی جوانی شەتاوی،
مەستی سپێدەیەك لە چلورەی گوێ سەبانەی مالآنی کوردستانی،
منیش دەلێم
سرووشتو ژینگەی ئەم نیشتمانەم
خۆی هۆگر بە زستانێك بوو،
بۆیە ڕۆحی منیش،
بە شەختەو بەستەڵەکەوە ئاشنا بوو،
لەم هەوارەدا
مرۆڤەکان دلێیان لە سەهۆڵ بەندان ساردترە،
بەچلێی هەتاوی خۆشنود براودەکەن
تا تاریکی یان بەسەردادێ
گومانی قوڵ لەبیریانا
ئازارەکانی رابردووە
کەپێی وایە داهاتووش
هەمان پێکی خوێنی دەخواتەوە
بەسەرەتایەکی ترەوە یاخی دەبێ
٢٠٠٨/٢/٢٥ سلێمانی

# گوڵە خوێناویەکانی ژیان

پێشکەشە بەڕۆحی ژنانی وولاتەکەم

ناویان دەنێم جەستە سووتاوەکانی ژنان،
ناویان دەنێم کچە دڵ شکاوەکانی گەڕەکی کانی عاشقان،
ناویان دەنێم پەڕەسێلکە کوژراوەکانی بەر تەرزەو باران.
ئەی پەپولە باڵ شکاوەکانی نیشتمانم
من ئەو ڕۆحە سۆزدارەم،
بە بیستنی کوژرانو شەهید بوونی هەر شەکرە ژنێ،
گوڵی عەشقم خوێناوی دەبێ،
بە دڵتەنگی یەوە ئازارێك لە نێو ناخما بەردەوام دەقیژێنێ.
هەر کەس مەرگی ئێوەی پێ ڕەوایە،
بوونەوەرێکە ئاژەڵ ئاسایە،
بەڵام لە بیرتان نەچێ ئەم کیشوەرە شوومەی کە ئێوەی تیایە،
جۆرە مەخلوقێکی ڕۆژهەڵاتین،
بە هیچ دەستوورێك ڕازی نین،
هیچ قوتابخانەیەك مێشکی ڕزیویان ناشوا،
هیچ فۆڕماتێ بیری پوچەڵیان داتـــــا ناکا،
پاشماوەی سەدەیەکی پڕ لە تاریکین.
ژن لەم هەوارە شێت گیرەی من
بە ناهەق خۆیانی لێ گیڤ دەکەنەوە.
هەموو وەرزێ ناسنامەیان بچوك دەکەنەوە.
ئەم مرۆڤە کەللە ڕەقانەی ئێرە

هێندە شەڕەنگێزن
بەچەقۆ ژن دەکوژن
کەچی خۆشیان لەژنن
بیری رزیویان
بە هیچ ئاوێ ناشۆرێنەوە،
کاری دڕندانەو دەستدرێژیان لێ دەوەشێتەوە،
لێرە لەم نیشتمانەی من گاڵتە جاڕی یە،
هەرگیز ژن نیوەی کۆمەڵ نی یە،
چونکە ئەو ژنە کوژراوانەی کە بە چاوی خۆمان دیمان،
سەرجەم گوڵە خوێناویەکانی ژیان بوون.
ئەوان بوون نیوەی کۆمەڵ نەبوون

٢٠٠٨/٩/١سلێمانی

# گوڵێك لەماڵ ئاوایی بەهاردا

ئەستێرە هەرگیز ماڵ ئاوایی لە ئاسمان ناكات
پێم سەیرە مانگ جـــــار جــار دەتـۆرێ
لە ئاسمانێك كە شێتو شەیــدای بــێ.
تــۆی گوڵــی ســپـــیش
چـــۆن دڵــت هات؟!
بەهارێكی پڕ لە شكۆفە لەم وەرزەدا جـــێ بهێڵــــێ،
چۆن دڵت هات؟!
گوڵستانێك بە مەراقەوە بگریەنیت،
من شنە بام نارد بە شوێنتا ،
كەچی ئەویش دەست بەتاڵ گەڕایەوە،
لە كوێ ی لە كام هەواری خەمدا پەڕەی سپیت گیرسایەوە،
ئاخر گوڵم هەردەم تۆ لە یادەكانما ،
لە قیامەتو دۆزەخی چاوەڕوانی تۆدا سووتام،
بۆ هەواڵت بست بە بستی وڵات گەڕام،
لە ژێر كام كەویەی بەفری كام سنووری پڕ تەمومژیت،
تۆ گوڵێكی خەون ڕەنگاڵەییت بـــاوەڕ ناكەم سەوز نەبیت،
لە كام كزەی بادا پەڕەكانت هەڵوەرین،
خەتایەكە لە بەهارو لە گوڵستانی عەشق دەكرێ،
كەس وەك من بۆت بە داخ نیە ،
هەموو تەمەنم ڕادەكا بە شوێنتا،

هەموو حەزم بە سووتانی گڕێکەوە بوو بە خۆڵەمێش،
منم تا مردن دەبمە ئاسمان دەبمە هەور دەبم بە ڕەهێڵەی باران،
دەبمە کانیلەیەکی هەڵتۆقیوی بناری چیایەکان،
تا خاك پاراو کەم سەوز بێتەوە گوڵە بۆن خۆشەکەی نەو بەهارم،
خۆ تۆ بەشێکیت لەو جەستەم ئەی پێناسەی دڵۆ گیانم،
لە یادەکانما نەمری هەرگیز بیرم ناچێتەوە،
لەئاوێنەی چاوما گوڵاڵەی سوری سوردەبێتەوە

٢٠٠٨/٣/٢٤ سلێمانی

# هەندێ جار هەڵەش جوانە

حەوا جوانترین هەڵەی کرد
بۆ درێژە پێدانی ژین لەم هەسارەیەدا،
گەر ئەو هەڵەیەی حەوا نەبوایە،
کێ ئەم سەرزەمینەی دەناسی،
وەلێ پێم سەیرە ئادەم لەو بەهەشتە یاخی بوو،
ئاخر بۆچی ئەم گەردونە پڕ لە هەراو هوریایەی هەڵبژارد،
کە سەراپا پڕ لە تاوانو خەتایە،
لەو ڕۆژەوە زەمەن زەمەنی گومانو هەڵەیە،
ئێمەی ئادەمی باجی گەورەی تیادا دەدەین.
ئای کە جوان بوو هەڵەی براکانی یوسف.
بە هەوانتە یەعقوبیان دڵتەنگ کردو فرمێسکیان پێ ڕشت
وەلێ هەر ئەو هەڵەیە بوو یوسفی بەرەو بەرزی برد.
تۆ سەیری ئەو منالە ساوایە کە دەستی بۆ ئاگر دەبا،
ئەوە هەمان هەڵەی ئادەمە
خۆ ئادەمیش ڕۆحی پاکی لەو منالە دەچوو،
چونکە ئەزموونی لە ژینا پێ نەبوو،
یا هەر ویستی خودا خۆی وابوو،
ئادەم بەو دەردە بەرێتو،
تا هەتا هەتایە پێکی ژەهراوی بچێژێ.

٢٠٠٨/٨/١٨ سلێمانی

# هاوڕێ گیان

لە ئەندێشەکانت دەگەم،
سەختە ئەو ئازارە
کەوا ئێستا لە سەر شانت بارە.
سنووری ڕۆحت بۆنی مەرگی گرت،
تۆ کە دەتزانی ژین خۆی سەرسمە،
وەك سەرسمدانی ئەسپە تینووەکانی پێ دەشت،
بۆ ئاوەزەنگت لێدا بۆ کەناری دڵنیابوون.
ئەدی چۆن بێ هیوایی ئەو هەموو تەمەنەت داگیر ناکات،
ئەو خەیاڵە ڕەنگاڵەیەی وا لەسەرتا
دەزانم بۆ کام کیشوەری بێ خۆرت دەبات.
تۆ بلێی لە خەلۆەتی شەپۆلێکی خەمی بێ سنووردا بی،
یا لە دابڕانێکی ناوەختا،
یاخود لە دووریەکی بێ بڕانەوەدا
بێدار بەرەوە هاوڕێ
سەر مەکەرە سەر ئەو دونیای پڕ خەیاڵە
نەبادا شێتانەسەرت پێ هەڵگرێ
ماتو بێ دەنگ بۆ داهاتووت دەبات
هەرچەند دەکەم ناتوانم،
پێ بنێمە نێو دەریای قوڵی خەیاڵتەوە،
نەبادا بخنکێمو منیش تیادا بزر بم،

چرکە بە چرکە ڕۆحێکی ڕەنگاوڕەنگی،
زۆر لە وەرزێکی پڕ لە ئافات دەچی،
لە تابلۆیەکی ئێوارەی پایزان دەچی.
چ مەغریبێکی پڕ ڕێژنە بارانی.
چەند دەردێکی بێ هەتوانی.
دەسا هاوڕێ سەر هەڵبڕە،
کەڵەکە بوونی ئەو هەموو خەیاڵانە،
با پڕت نەکەن لە توانەوەو ڕەشبەڵەکی دەریای ئازار،
تاوێ بسرەوە هاوڕێ گیان،
دووربە لە وەسوەسەی یەقین‌و گومان

٢٠٠٨/١١/١٧ سلێمانی

# لەشەوێکی شاردا

تاریکیەك دەستی ڕێبواری ئەم شەوە تەنیایەی گرتبووم،
بە سەر سنگی شۆستە خامۆشەکانی شاردا
سەرەو ژوور سەردەکەوتم،
ڕێبوارێکی ئەویندارو مەستو خەیاڵ بووم،
هەستم دەکرد لەو بێ دەنگیەدا
تەنها تریفەی مانگو ترپەی پێ یەکانم هاوڕێم بن،
لە بەر خۆمەوە نەرمە گۆرانیەکی غەمگینی داریوشی
مەزنم دەوتەوە،
هەناسەکانم ئاوێتەی دەڤەرێك لە عەشق بوون،
بە گەرووی پڕ بەستەمەوە لە قولایی خەیاڵەکانمدا بووم،
جار جار فرتەی پشیلەیەکی ترساوی ڕاکردوی دەست منالاَن
لەسەر دەروازەی کوچەی مالاَن ڕای دەچەنیم
ڕیتمی گۆرانیە بەسۆزەکەی داریوشی لێ دەشێوانم.
لە ڕووخساری ماتی ئەو شەوەی شاردا
دیم چرای مالێك لە دوورەوە دەسووتا،
نزیك بوومەوە،
ئیستێکم کردو گوێم هەلّخست تا لە غەمی ئەو شەوە بگەم،
هاوڕێیەك لە شەودا وەك خۆم پەیدا کەم،
لەوە دەچوو بێدارێك بێ عاشق وەك من،
حالّی بووم پیاوێك تاکو تەنیایە،
لە دوورەوە لە بەر هەیوانی مالّەکەیدا،
لە پیری موغانێك دەچوو بەردەوام سەری شووشەکەی با دەدا،
ئیدی زانیم زۆر کەس مەستە وەك من لە بەهانەی گریانێکدا
زۆرکەس لەمن بەئازارتر
تەوەلایە لەژیندا

٢٠٠٨/٦/٢٠ سلێمانی

# منو هەڵەبجەو بەرچنەیەك ووشە

بەچاوی پڕفرمێسکەوە
کوردانە پێت ووتم ئادەی چاوەکانتم بەریێ،
من فرمێسکەکانی خوّم کردە ڕوبارو،
بەکەمەری سورێندا شۆڕبومەوە،
لەودەشتە ڕەنگ هەڵپڕوکاوە ڕامام و،
بەخومم وت:
توّبنوارە ئەوە هەڵەبجەیە چەند پەرێشانە
من تاسەبارم جەرگم بڕا بەشەهید بوونی توّ،
ئەگەر بلێم شەهید بونت لەناخمدا تراژیدیایە ڕاست دەلێم،
ئەگەربلێم ئێستا شێتم بەوێنەی شێواوت دروّناکەم،
ئاخ شانزەی سێ،
ئاخ مەرگی گوڵە هەناروو بەرسیلە و هەرمێ،
قەدەری تۆ حەسرەتێکە دەمان هەژێنێ ــ دەمان گرێنێ،
وەرن بابگرین بەحوزنەوە ــ چونکە گریان،
بەرائەتەکانمان پاکژ دەکاتەوە برینەکانیشمان نوّژەن دەکاتەوە
کەهەڵەبجە دەمانخاتە وە سەرمێژووی هەمان برین،
بەخەمێکەوە سەرێك دەبەین و ــ سەرێك دەهێنین،
ئەوە هەڵەبجەیە،
دەچێتەوەسەر گەشترین ڕوباری خووێنو،
دەچێتەوە سەر سوتاو ترین ڕێگا،
دەچێتەوە سەر قوڵترین داستانی ئازار
بەکۆمەڵ ووشەی مەرگەساتی دەمانخاتەوە گرین
ئەو کاتەی گوێم دەبێ لە هەڵەبجەو شانزەی سێ
سامی مەرگ شا برینم دێنێتە سوێ

٢٠٠٨/٣/١٦سلێمانی

# نیشتمان لەگەمەی سێ مەراقی قەقنەسی دا

لە سێ تیشکە ستوونی ڕەش پیلانێك‌و تیرۆرێکی سوورو جەنگی گەندەڵی یەکی سپی دا
بچوك بوونەوەیەك لە نیشتمانم دەبینم،
لە دوای دۆسیەی ڕەشی دیکتاتۆر،
سێ هەژدیهای تینوو بە خوێن،
هەموو ساتێ
بۆن بە جەستەی ئازارمەوە دەکەن.
چ حەشرێکە ئەم نیشتمانە ستەم دیدەی منی تێ کەوتووە.
هەموو هەستنە سەرپێ
تا زەنگی ترسناك لێ ی نەداوە.
تا کاتمان درەنگ نەبووە،
ئومێد بە گەڕانەوەی تۆرانی دڵە تۆراوەکانی هۆزی نیشتمان،
ئومێد بە گەڕانەوەی هەوری سپی‌و ڕێژنەی باران.
من بە تەنیا هیچم پێ ناکرێ،
بێ گومان ئێوەش هەروەها،
وەرن با هەموو لە ڕۆحی باوەڕی یەکتردا بتوێینەوە،
هەرچی پیلانی ڕەشە پوچەڵی کەینەوە،
ئای لەو ئازارانەی بە کوچەی سینەمدا تێ دەپەڕن،
لە دوای ئەو هەموو ڕووباری خوێنە
وون بوونێك بۆ کەرکووکم ئەدۆزنەوە،
مێژووی خەباتێکم بە ڕەشەبای پیلان دەشێوێنن،

بە سوپایەك لە ڕەنگی ڕەشی دووپشك دەمترسێنن.
من ووتم ئەوان لە ئەزەلەوە لە زمانی دیموکراسی ناگەن،
ئەوان ناتوانن سلاو لە مێژووی شارستانیەت بکەن.
هەر دەچنەوە بیری خێلایەتیو عەشقی حوشترو بۆنی عەمامەکەیان بیردەکەوێتەوە،
بەلام لە بیریان نەچێ من ئەو لاوە عاشقە کوردستانیەم،
هەموو سپێدەیەك ــ دەبمە ڕێبواری ڕێگای زیارەتێك،
سەر لە کوچەو کۆلانەکانی ڕەحیم ئاواو ــ چیمەنو ــ لەیلان دەدەم،
سەد ئەوەندەی تر خوێن لە لەشی گەلم بڕێژن،
بە دووی دۆسیەی بستێك لەزەوی کەرکووکدا دەگەڕێمو دەستی لێ هەلناگرم،
کێ دەتوانێ حەوشەکەی باوکم داگیرکات،
کێ دەتوانێ لەو مالەی گۆشکرام دەرم کات،
کێ دەتوانێ بابەگوڕگوڕ لە زێدی شیرینم کات،
من هەر دار گوێزێکم سەد جار لە دار خورما بەرزترە،
من هەر دەنکە گێلاسێکم لە پرتەقالی ئەوان شیرین ترە،
من چوزانم کەلتوری ئەوان چیە
من چوزانم مادەی بیستو چوار چی یە،
وەلێ دەزانم کەرکوك عەلی مەردانەکەی نازناوێکی عاشقانەی کوردی یە،
دیسانەوە هەستنە سەرپێ،
من بە تەنیا هیچم پێ ناکرێ،
دەستو بازووی ئێوە نەبێ،
نەفرەت لە هەر دینێ کوردو کوردستانی لە خۆ نەگرێ،
ئەگەر کورد لەم هەسارەیەدا وولاتێکی سەوزو سەربەخۆ نەبێ،

دەبا لە حەشری ئەو دوونیاش هە رنەبێ،
ڕۆژ نیە بۆنی تەقینەوەیەك نیشتمانم دانەچڵەكێنێ
تیرۆر ئەی زومرەی شەیتانی خوێن خۆری دوژمن بە گەلێك کەتینووی ئازادی یە
ئەی باندێك ڕووخساری دەمامك ڕەشی مێژوو خوێناوی،
بڕۆ دەرەوە بە خۆتو سەرو ڕیشێکی پڕ کێچو ئەسپێو مۆرانەتەوە،
بڕۆ دەرەوە بە دەروونی نەخۆشی پیسو پۆخڵتەوە،
بڕۆ مەودایەکی دوور دوورتر بڕۆ بۆ دوورگەی ڕەشی خەجاڵەت
نەفرەت لە دەسەڵاتی دۆزەخ ڕەنگت
بەڵام گەندەڵی ئەی جەنگی حەپەلووشی سپی،
ترسناك تر لە پیلانی ڕەشو تیرۆری سوورو خوێناوی،
تۆ بە قەپاڵێ هەموو نیشتمان تیرۆر دەكەیت
سەراپا سەر زەمینێك دائەكرۆژیو فەنای دەكەیت
دەبا هەر هەموو لە ئێستاوە ــ پیاوانی مودمین بە گەندەڵی لەشیان داتەكێنین،
ڕێگەیان نەدەین ببنە ڕەوە کوللەی سەر دەخڵی سەوزمان،
با لە ڕەگەوە وەك گیا کەڵە هەڵیان کێشین،
لە هەر کوێ بن شەرمەزاریان کەین،
لە هەر کوێ بن ناسنامەی ئەم وولاتەیان لێ بسێنینەوەو،
شار بەدەریان کەین

٢٠٠٨/٢/١٢ سلێمانی

# نیوە شەوە

قروسکەی سەگێکی برسی، لە نێو جەرگەی تاریکدا،
دوورگەیەك پڕ دەکا لە سەدای خۆی،
پاسارییەکان لەشیرین خەودا ڕادەچەنیٚ،
پشیلە برسیەکانیش دەگرین بۆی،
منی بێدار لەو شەوەدا،
چاوانێك لەخەو زڕاوم.
دوور نیە کرِوزانەوەی ئەو سەگە،
سکالأیەك لە دەست ئەم ژینە تاڵە نەبیٚ،
کوچە بە کوچە ــ ماڵ بە ماڵ هاواری خۆی دەگەیەنیٚ،
نیوە شەوە،
بە گیانێك نیوە مەستی خەوالّومەوە،
ژانی عەشقم دەمباو دەمهێنیٚ،
هاوەڵی ڕۆحم گڤە بای پایزە شەوانەو،
لێوەکانم بە مژی چەرە دوکەڵی سیگارەوە،
بەسەر پشتی ئەسپە باوە بۆ ئاسمانێك خۆی هەڵدەبڕیٚ،
وەی لەم نیوە شەوە،
دەنگی گەلأ وەریوەکان،
لورەی بایەك دەیان هێنیٚ،
نیوە شەوە
گوێیەکانم شەلأڵە بە گریانی کۆرپەیەکی گرۆزەوە،

بەزەیی‌و سۆزم لێوان لێو بۆی دەڕژێ،
بە سۆزی گەرمی ئەو دایکە میهرەبانەوە،
بۆ رابردووی منالێم خەیاڵ دەمباتەوە
بە سەر سامییەوە سەرسام سەرسام
هەست بەئازارەکانی دایکم دەکەم
کە پەردەی پەنجەرەکەم لا دەدەم
من شەوم بەجێ هێشتوە
سپێدەیەك بوە بەهاوڕێم

٢١/٩/٢٠٠٨سلێمانی

# پێم ووتی

پێم ووتی دەخیلتم ئامان،
تێکەڵ بە جیهانی عەشقە شێتەکەی من مەبە،
تۆ کە پەپولەیەکی باڵ نەخشینی قەشەنگو ناسکی،
گیان دەسپێری بە دەست ڕۆحی جەنجاڵی منەوە.
پێم ووتی من دێوانەیەکی شەو بێدارم،
شەو هەتا بەیان خوێناوی خۆم دەخۆمەوە،
پێم ووتی وەرزێك لە وشەی سپیو شیعرێك وەك بای زستانم،
تۆ شکۆفەی گوڵێکی سووری لە بەهاری جوانی دا
لە خەزانی ئەم عەشقەی مندا با نەژاکێیت.
سەردەمێکە هەراسانی بە یاخی بوونەکانمەوە،
لە نێو دڵما مەراقێك هەیە تاکو ماوم بۆی بە ئازارم،
پێم ووتی قەسەم بە چاوانی ڕەشو جوانت،
ڕێگاکانم پڕ لە هەورازەو بە ئازارەوە دەیانبڕم،
پێم ووتی ناڵەیەك لە دڵو غەوغایەك لە هەرای گشت بەزمەکانم،
پەرۆشییەك لە شەپۆلی دەریای مەستی شەوەکانم،
نازەنینەکەم سوتانی خۆشەویستی وایە،
دڵنیام سۆزی عەشق لە ناخی تۆش دایە،

٢٠٠٨/٥/٢٧ سلێمانی

# پیری

سەرم سورِماوە چ زوو تەمەن وەك گوڵە نێرگزێ ڕۆشت،
ئەم بەهارەی عەشقمی بە داخێکەوە بە جێ هێشت،
بە چ وەرزە خەزانێکی پایزیدا گوزەری کرد،
پەڕەی گوڵی گەشمی کوچە بە کوچە برد،
پیریو مووی سپی موژدەی مەرگی ناوەختە،
ئا لێرەوە نامۆ دەبم بە شاری ئەوینو چراخان،
لە کۆتایی ئەم تەمەنە پەرێشانیەمدا،
بە هیوایەکی گەشەوە بمرم،
من ئەزانم ئەم خەزانی تەمەنە،
بۆنی مەرگێکی شومی پێ یە.
من هێشتا ئەو گوڵە کێویەی بنارێکی سەوزەڵانم،
لە هەناسەی سروەو شەماڵ تێر نابم،
لە ڕەگەوە لە عەشقی خاك پاك نابمەوە،
هەرچەندە گوناهی گەڵاکانم باران شۆردنیەوە.
ئاخر پێم بڵێن چۆن،
پیرێکی ژین ڕۆشتوو،
لەگەڵ کچە عەیارێکی بزێوو سرکا شەو دەباتەوە
دیاری پیری،
سینەی پڕ لە کزە بای دڵتەنگیو تەنهاترین رۆحی شکستە
ئەو لەخۆیدا تا بڵێی بێگەردو شەرمنە

بەڵام بیرەوەریەکانی گەنجە
تێ ناگەم چ زو پیری هات،
ئاخر بۆچی خەرمانەی خەمێك
پێشوازی لە دڵێکی وەها مەعشوق بکات
چەند سەختە دەردی پیری لە دڵێکی پڕ هیوادا
تۆ کە هیوایەکی عاشقو دێوانە بی
لەئێستاوە تەمەنێکی رەنج بەخەسار
بەفر ئاسا سەرو سیمای سپی کردم پیری
خۆری تەمەن کەئاوابوو
بۆ چیمە گڕی مۆمم
لەنێو ڕوناکیدا غەرقم کات

١٨/١٢/٢٠٠٨ سلێمانی

# گزنگە شیعریَ

ساتەکانی خۆرهەڵاتن
لە هاتنی هەر بەیانێکدا
تۆ ڕژاوترین ئاسۆی ڕوونی
دوورگەیەك لە تاریکیم بۆ ڕاودەنێیت
بە سۆزو عەشقەوە دەستم دەگریت
تا بەهەشتێ گزنگو
نیشتمانێك پڕ لە خۆرەتاوم نیشان دەیت
هەست دەکەم لە فراوانی ئەو عەشقە پاکەتا
تۆ ئەو ئاسمانە پڕ لە خۆرەیت
تا دوا سنووری مەغریبێك
گۆرانی بەسەر ڕۆحما دەڵێیت

---

٢٠٠٨/٧/٧ سلێمانی

# ساتەکانی خۆرنشین

دواتیشکی خوڕ بەلوتکەوە
دواهەمین میوانی چیایەکی  گەردن نارنجی بوو
لەماڵ ئاوایدا
بەسواری ئەسپێکی بۆرەوە کەوتە غارو
لەکیشوەرێکی تر گزنگی چاوبڕکێی بوو
ئەو ڕۆیشتوو
تاکو تەرا ئەستێرەی گەش
ڕووی ئاسمانیان جوان کردبوو

**** **** ****

خوڕئاوابوو پاساریەکانیش هەڵنیشتن
پێکڕا خەویان بە دەڤەرێکەوە دەدی
لەسەرەتای ئاسۆیەکدا بوو
کە قوقەی کەڵەشێرێك لە بەرەبەیاندا ڕایچەنین
خەوەکەیان ڕاست دەرچوو
چونکە ئەو دەڤەرەی لە خەونا دیان
نیشتمانەکەی خۆیان بووتازە لە لەسەرەتای ئاسۆیەکدا بوو

**** **** ****

٢٠٠٨/١٠/١٠ سلێمانی

# سەوداسەری تۆم نیشتمان

بە ژانە شیعرێکەوە لـە غوربەتدام،
بە ئاوێتە بوونی خەیاڵو ئازارێکەوەم،
دوای خۆشەویستی تۆ کەوتووم ئەی نیشتمان،
هۆ سەرزەمینە شیرینەکەم،
لـە نوری چاوەکانما هێندە شیرینیت،
شك نابەم بەیانیەك قژە زەردەکەت بە شانەی پەنجەکانم دانەهێنم،
چرکەیەك نیە ناوە خۆشەکەت بە زوبانم نەهێنم،
هەرگیز عەشقت لـە دەست نادەم
تامەزرۆمو خاكو خۆڵـت ماچ دەکەم.
پیرۆزە لام هەموو سرووشتە مەستە پیرۆزەکانت:
بە سەرەتای گشت وەرزەکانتەوە،
بە بزەی گزنگی خۆری گەشتەوە،
بە تریفەی جوانی مانگە شەوتەوە،
بە ئاسمانێك ئەستێرەی زەرکەفتەوە،
بە خۆشی نەغمەی مەلـەکانتەوە.
ئەی نیشتمان هەموو بەیانێك بەیانت باش،
ئەی نیشتمان هەموو ئێوارەیەك ئێوارەت باش،
ئەی نیشتمان هەموو شەوێك شەوگارت باش،
بە فوارەی ئەو خەیالآنەمەوە هەموو سەرەتای بەهاریٚ،
مەست دەبم بە بۆنی گەڕانەوەی پەڕەسێلکە لـەش خووساوەکانت.

بۆنی گەڕانەوەی یاری دووڕە وولاتم دەکەم،
هەردەم چاونەبڕمە کۆچی کۆترە سپیەکانی ئاسمانت
من ئەو شەیداو دڵ پڕ لە خۆزگەیەم
تاوێ بێ تۆ هەڵناکەم،
نیشتمان ــ نیشتمانە گوڵ ڕەنگەکەم،
ئەی هەناسەی پەڕە سپیەکانی گوڵە نێرگزە چاو زەردەکەم،
ئەوینێکی وەهات لە خوێنما جێ هێشتووە،
گەر خۆمت بە قوربان بکەم هێشتا پێم کەمە
١٨/١٠/٢٠٠٨ سلێمانی

# شەیدای نیشتمانم

ئـــــــــــــــەی دونیای جەنجاڵی پڕ خوێنو خەباتو سەنگەرم ــ نیشتمانم
ئـــــــــــــــەی گەردوونی سەرقاڵی شۆڕشو ڕووبارێك لە خوێنی تەڕم نیشتمانم
ئـــــــــــــــــــــــــــەی مەڵبەندی نالیو سالمو کوردیم
ئـــــــــــــــــــــــــــەی دەڤەری گۆرانو حاجیو مەحویم
ئـــــــــــــــــــــــــــەی هەرێمی داستانی عەشقی مەمو زینم
ئـــــــــــــــــــــــــــەی شیرینترین وولاَتی فەرهاو شیرینم
ئـــــــــــــــــــــــــــەی بەهەشتی ڕازاوەی ژیانم
ئـــــــــــــــــــــــــــەی باوەڕی پیرۆزی هەموو گیانم
ئـــــــــــــــــــــــــــەی چریکـــەو نەغمەو چەهچەهەی بولبولانـم
ئـــــــــــــــــــــــــــەی سیا چەمانەی بە جۆشی خۆشی هەورامـــانم
ئـــــــــــــــــــــــــــەی بەیتی جوانی شیعرێکەڵـــە شاعـیرانم
ئـــــــــــــــــــــــــــەی بەهاری سەوزی پڕ لـە هەورو بارانم
ئـــــــــــــــــــــــــــەی سەروەری مێـــژووی بەرخوردان
ئـــــــــــــــــــــــــــەی سەرزەمینی چیرۆكو داستان
ئـــــــــــــــــــــــــــەی ئاوێنەی ئاواتو گشت خەونەکانم
ئـــــــــــــــــــــــــــەی سروەی نەسیمی پایزانـــم
هە تائە وساتە ی دواهە ناسە دە بە خشم بە گـیانم
نـــــــــــــــــــــــــــاوی پیرۆزتە لەسەر زمانم
٢٠٠٨/١١/١١ سلێمانی

# زیندە خەو

وا هەست دەکەم پۆلێ پەرەسێلکەی سپی
لە ئاسمانی چاوەکانما لەم وەرزی بەفرانبارەدا دێن‌و دەچن
کلوی بەفر لە قولایی ئاسمانەوە دەبارێ بەرەو شەکردانی زەوی
نیگای چاوەکانم لەگەڵ ئەواندا بێ سرەوتن.
دەنگی (با) ئاوازێکی نەبیستراو بوو
پەرچەمی تەمی دەشێوان
ئەوە زیندە خەوێکی سپی بوو یا خەونێکی خەیاڵی
ئەوە شۆخێکی کراس سپی بو
بە بەردەم پەنجەرەکەمدا تیژ تێپەڕی
بە بەر چاوما تێر گوزەری کرد
هەڵم پەنجەرەکەمی داپۆشی
لە حەژمەتا بەسەر قۆڵەکانم پەیتا پەیتا دەمسڕی
نازانم ئەم فریشتە مانگ ڕووخسارە
بۆ لە خوێنما بووە بە عەشقێك ئەفسوناوی
ئالودەی سپێدەیەکم سیما شیرین‌و بەفراوی
ئەستێرەکانی شەو
لە نێو ئاسمانێکی کەژو کۆی کوێستانی
تیشکی زیوینیان بۆ سەر بەفر دەیڕوانی
تۆش گوڵەکەم ئەگەر هاتوو ئەمشەو لەگەڵ بەفردا ببارێ
بەرچنەیەك گوڵی سپی‌و

کاسەیەك بەفراو

بۆ عەشقی بلووریو سپیت دەکەمە دیاری

لەم شەوەدا

گوڵم هێندە خەونی ئاڵاو واڵام بەخۆزگەکانمەوە دی

ئەفسوس هەموو هەر سەراب بوون

بەنێو ژینمدا تێپەڕین

٢٠٠٩/١/١٢ سلێمانی

# شار مل کەچی بەفرە

ئێوارە بوو،
ئاسمان لە نێو هەورێکی ئاودامانداا،
بە شەرمێکی سپی یەوە،
پاکانەی بۆ ڕۆحی زەردی خۆر دەکرد،
ئێوارەیەو شار مل کەچی بێ ڕەحمی تۆفانو سەرمایە
ڕیشۆڵەکان بە تەلی عامودەکانەوە گرمۆڵە بوو بوون.
لە خۆر ئاوابوونێکی تەزیودا،
شەقامەکانی شار،
تاکو تەرا چەند ئادەمێ،
ملیان بۆ سەرەو ژوورێك دەنا
دەست لە نێو گیرفانی گەرمی پاڵتۆکەیان
ڕۆحی گەرمی خۆیانیان بۆ ئەو بەفرانبارە دادەگیرسان
تاکە ڕێبوارێکی دەست بە چەتری سەر سپی
هەموو شتێکی بە سپێتی دەبینی
ئەمێستا ڕووەوماڵەوە ئەڕوات
بێ باك لە بەفرو جەوری زستان،
سەرەوژوور دەکەوێتە ڕێ
چاوەکانی لە دیمەنی بەفرو بەفربارین تێر نابێ
ئەو ڕێبوارەش
منی گیرۆدەی ئەوینی بەفر رەنگی تۆم.
دە لێم گەڕێ با لە شەتاوی چاوەکانتا
هیچ نەبێ
دەست نوێژێ بشۆم

۲۰۰۹/۲/۱۰ سلێمانی

# ئەوساتەی دەمرم

سەر لە نوێ وەك باران دەگەڕێمەوە سەر زەوی
تێکەڵ بە خاکو خۆڵ دەبم
ئەوسا دەبمەوە بە خۆمو
ملی ڕێگا بەرەو کەنار دەگرم
ئای لە ڕۆحی بێ سرەوتی من
هیچ بای مەرگێ ڕایناماڵێ
بەهێزترین هەورەگرمە دڵی من داناخورپێنێ
دەبێ لێرەوە دووبارە چاو هەڵهێنم
ئەوەتا نیشتمان لە نیگامدایە
کاروانێ تر بۆ تێکۆشان لە ڕێمدایە
من هەرگیز دانابڕێم
لە مێژووی عەشقو
چاوە جوانەکانی یارو
لە ژێر ساباتی درەختەکانی کوردستانو باخە سەوزەکانی دار هەنار
لە بیرەوەریەکانی کتێبو شیعرو ڕۆمان
ئەوە ڕۆحی منە
چەشنی سیمرخێکی ڕەنگ سەهۆڵی یە
چوار دەوری دونیا تەی دەکات
ناخم پڕە لە هیواو
پەپولە ئاسا باڵدەگرێ بۆ کام سنوور بیەوێ

من وەنەوز دەدەم

بەلاّم نانوم

ئەوە تەنیا جەستەمە لـە شەکەتی ڕۆژە تاریکەکانا ووچانێك دەگرێ

گولّە هەنارم ئەز نامرم

چیایەکی تاكو تەنیام

لـە ئامێزی بەهارێکی نوێدا تەمو سەوزە گیا لـە خۆم دەگرم

ئەو گەشتانەم بەم چەشنە درێژە پێ دەدەم

چەشنی بازێ لـە ئاسمانی عەشقا لـەنگر دەگرم

تا بە هیوای شیرینم دەگەم

ئا ــ ئا نیشتمان من نامرم

تۆ کەی منت ویست

بۆلات بالّدەگرم

تالـەپێناوت بمرم

١٦/٤/٢٠٠٨ سلێمانی

# بەهاری نویٚ

من ترۆپکیٚ سەوز ئاودامانم
سروە باسی مانگە شەوم بۆ دەکات
شەماڵیش بۆنی باران
ئەز چوار وەرزە ئاوێزانی سروشتە شیرینەکانم
بە بارتەقای شەوە درێژەکانی زستان
لە سەفەری گەڕانەوەمدام
بە ژێر پروشەی وردە بەفرا
ڕێگاکانی شەوی بە ئاواتەوە دەبڕم
بە هیواوە پیٚ دەنێمە بەهەشتیٚ بەهارو
چەپك چەپك نێرگزت بۆ دێنم
من ڕەشماڵێکم لە هاویندا لە بەرزی ئێلاخدا هەڵداوە
باخەوانی سەدان دار گوێزم
پاشان بە دەم سەفەری ئەشقەوە دێمەوە
وەرزی من بیٚ ئاوێزانی گوڵ نابیٚ
ئەو گوڵە سورەی باخی من
هەر دەبیٚ ڕووخساری تۆ بیٚ
تازە خونچەی بەیانیان
تۆ بەهاری نوێی منی
منیش بارانو ژیان
تۆ زەویەك لەگوڵانی
منیش سروەی پەرێشان

٢٠٠٩/٣/١٤ سلێمانی

# بۆ قالە مەڕە

هەمیشە شمشاڵ باڵا بە حەسرەتەکانی تۆ دەکات
بۆیە لای تۆ پایزێك بە سەرەتای بەهارێك خۆی نیشان دەدات
ئەوساتەی نیشتمان پڕ دەبێ لە ئاوازت
لە خۆرئاوابووندا شیوەنێك بۆ پیریت دەگێڕن
نهێنی یەکانی شمشاڵو مەراقی خۆت هەڵدەڕێژی
ئێوارەیەو دوا تیشکی خۆرلەگەڵ گەڕانەوەی مێگەلدا
چاوەکانت پڕ دەکات لە جوانی سروشت
من دڵنیام هەرچی شمشاڵێکت ژەن
بەسەرهاتو تراژیدیای گەلەکەت بوو
ئێشی عەشقی تۆ
مێژوویەکی ئێجگار سوتاو بوو
تۆ پێویستت بە پیاهەڵدان نیە
چونکە لە ئەزەڵەوە مرۆڤێکی مەزنیت
لەوەتەی تۆ بووی بە نەوای شمشاڵ
لێوەکانت پڕن لە گزنگی خۆرێکی ئاڵ
دەبێ سینەی تۆ چەن کونی قوڵی تیا بێت
وەك کونی شمشاڵەکەت
لە مەراقی نیشتمانەوە سەدان کونی ژان گرتوو
بونە ئاوازی دونیا خەیاڵیەکەت

٢٠٠٩/٦/١٥ سلێمانی

# بۆ غەریبیم تەنیا سێبەرەکەی خۆم شک دەبەم

کە تیشکی خۆر
سێبەری جەستەم لەسەر شەقامەکاندا وردو خاش دەکات
هێدب هێدی بە کۆمەکۆم کۆیان دەکەمەوە
دەیان کەم بە ڕەشماڵێکی ڕەنگ دوکەڵیو
لە تاراوگەدا بۆ شەوانی غەریبیم هەڵیان دەدەم
بە بیستنی هەر مۆسیقایەکی هەناو گریاوەوە
سەدان جار دەمرمو دەژیم
بە خەیاڵ سەفەر دەکەمو دەگەڕێمەوە
من غەریبێك هەمیشە لە تاراوگەم
دڵێك وەك ئاوێنەی شکاو
ماتو مەلول ڕووخسارێکی بە ئازاردا هەڵزناوم
وەی لە خەمی کەڵەکەتی غەربیم
کەسێ تر وەك خۆم شك نابەم
چیرۆکی ئەم غوربەتەی لە لا باس کەم
کێ وەکو من بیر لە ئەندێشەی دووری دابڕان دەکاتەوە
ناخم پڕ لە دروشمی پیرۆزو
هیچ بەهەشتی دڵی تۆراوم ئاشت ناکاتەوە
ئەی دووری بە حەسرەتترین تەمەنی پایزیم
بێ شك ئەم تاراوگەیە بە ژانەوە دەمکوژێ
خەمی زەمانە بخۆم

یا دووریو دابڕانی دۆستانم
کە ئەم غەریبە
حەوسەڵەی لەبەر بڕیم
بیرم لای خۆرئاوابوونو
کۆترەکانی سەر گوێسەبانەی ئێوارانی زانکۆیە
چاوم لە بەزمی خەڵکو گەرمی ڕێبوارانی هاتوچۆیە
پێ دەچێت نەگەڕێمەوەو چیتر نەیا نبینمەوە
ڕۆژانێ بوو دەبێ بڵێم لە دەستم چوون
خەونێك بوون نایەنەوە

٢٠٠٩/٥/٥ سلێمانی

# درەختی ژووان

ئێستاش ئەو درەختە سەوزە ماوە
کە جێژووانی ڕازی دڵمان بوو
من لە قەدی ئەو درەختە ناوی خۆشی تۆم هەڵکۆڵی
تۆش ناوی منت ووشە بە ووشە نوسی
هەر جارێ کە بە ڕێکەوت بە لایدا تێ دەپەڕم
ڕۆحم ئەخاتە سەماو
بارتەقای جیهانێك سڕ دەبم
من دونیایەك خەیاڵ دەمباتەوە
بۆ لای هەمان درەختو جێژووانەکانی ڕابردوو
ئەو ساتانە وە بیری خۆم دەخەمەوە کە جێژووانی عەشقمان بوو
ئێستاش هەر درەختێ دەبینم
باسی جوانی تۆم بۆ دەکات
تۆ بڵێی ئەو مەلەش من بم
لە ژێریا وا چینە دەکات
تەنها یادگارێ لە دڵما بژی
بەژنی تۆو درەختێکە
تێر دەگریم بەسەر گەڵاو گوڵێدا
کێ ئەم عەشقە ون بووەم جارێتر بۆ دێتەوە
کۆتو پێوەندی ڕۆحی دیلم ئەپسێنێتەوە
٢٠٠٩/٣/٨ سلێمانی

# من خەڵکی ئەم خاکەم

بە دڵ لە نێویا دەژیمو
وەلێ بەڕۆح لە تاراوگەم
غەریب غەریب دەنوارمە بەژنی ماتی خۆم
گەڵایەکی وەریووی پایزیم
بە دەم شنەی باوە سەما دەکەم
ئەم خاکە وەرزەکانی ئاوێتەی هەناسەمن
ئەو داگیرساوتر لە خۆر
دەرژێتە چاوانمەوە
من جاویدانەتر لە ئاو بە نێویا دەپەرمەوە
منو ئەم خاکو خۆڵە گۆشتو خوێنمان لە ئەزەڵدا تێکەڵە
بڕوانە ڕەنگی گەنم ڕەنگم
کە پێناسەیە بۆ زەوی عەشقم
ساتێ نیە دڵم چەشنی پشکۆ بە دەم باوە نەگەشێتەوە
هەموو سەرەتای ونبوبێ
پرسیار لە دایك بوونی خۆم دەکەم
بەو دڵە تەڕەوە هێشتا تینووی زەریایەك لە ئاوم
ئەو ساتەی مێژووە گریاوەکان خۆیان دەکەن بە ژووری خەیاڵمدا
تێر دەگریم لە شیوەنێکی بێدەنگدا
دەیان پرسیار لە ڕۆحی ناشادی خۆم دەکەم
بۆچ ئەم نیشتمانە لەم هەسارەیەدا ئەم چارەنووسەی پێ بڕا
دە نەفرەت لەهەموو دونیا
کەکوردستانی لێ بەش کرا

٢٠٠٩/٤/١٤ سلێمانی

# نەوای دەف ژەن

تۆ تا دوا پلەی توانەوە
بەسەر رۆحتا شیوەن دەکەیت
ئەو دەفەی ئێستا تۆ دەیژەنیت
بۆ کام عەشقە دێوانەی کردویت
دەخیلت بم (زەهاوی) دەروێش ئاسا
مەچۆرە حاڵی زیکرەوە
دەسا کەمێك ئارام بگرە
نەبادا لە یاخی بونێکا
بڕیارێك بەسەر خۆتا بسەپێنی
ئەوە چ ئەونێکە وەها سەرمەستی کردووی
چ بێ ئۆقرەیە ئەو ڕۆحەت
هیچ زریانی پێی ناگات
لە نیوە شەوێکدا بەرەو ئاسۆ مل دەنێیت
دەف لەسەر دەف شەهید مەکە ئەی تاوانبار
تۆ چ دەکەیت
شەهید بونی هەر دەفێك
شەهیدبوونی رۆحێکی شەیدایە
جارێك دەکەوێتە بۆسەی خەمەوە
جارێکیش پەنجە بێ میهرەکانی تۆ
بە ئەنقەست ئەیژاکێنێت
یاخی مەبە ــ مە
رازەکان خۆیان دێنەگۆ

٢٠٠٩/٤/٢ سلێمانی

# نەی ژەن

ئەی نەیژەن.
ئەوەندە بە کوڵ مەگری
نەبادا ئاگری رۆحم دابگیرسێنی
تۆ شنەبایەکی جاویدانیت
سپێدە فێری درکانی کردوویت
چۆن بتوانم بەو هەموو خەمەوە
بۆ ساتێکیش بتوانم ژێرت کەمەوە
لە پرسەی هەر ماڵێکی هەڵەبجەدا
بە ڕامانەوە چاوانت دەگێڕیت
ئەوە تۆی لە زامی ئەنفالا دانامرکێیت
هیچ کانیەك وەك نەیەکەی تۆ گەرووی تەڕ نەبوو
ئەوەتا ئەوەندە دڵت پڕە
دوا گزنگی خۆرو دار هەنارەکان بە پەرۆشەوە لە ئامێز دەگریت
ئای کە دەروونێکی گڕگرتووی
هەرگیز بۆم ناکوژێیتەوە
ئەو ساتەی بەفریش بەسەرتا بباریٚ
هێشتا بە خۆشترین زمانی عەشق دەگەشێیتەوە
دووبارە دەبیتەوە بە هەورو بروسکە
لەگەڵ نمەی بارانا
روفاتی ئەنفالەکان تەڕدەکەیت
ئەی نەی ژەن
بەسە ئیتر لەوە زیاتر
خەمەکانم مەسووتێنە

٢٠٠٩/٤/٢٩ سلێمانی

# نیوە شەوە

سینەم بە هەناسەی شیعرەوە
نهێنیەکانی ئەو جیهانە بێ دەنگە هێدی هێدی دەنوسنەوە
ڕۆحم بە نێو دوونیای شەو ڕێبوارەو سەفەر دەکات
دەگەمە چەمو ڕووبارو
بەمەلە بۆ ئەوبەر سنوور دەپەڕمەوە
هەلاٚتنی ئەستێرەکان ڕێبەری ڕێگای سەفەری دوورو درێژمن
ئەوەندە هاوڕێمن
کاتژمێریان دەخوێنمەوە
شەوە بێدەنگی دەستی خستۆتە بینە قاقای سپێدەوە
تەنیا قوقەی کەڵەشێرەکان سەر زەوی بە ئاگا دێننەوە
حەپە حەپی گەلە سەگەلەکانی بن دیوار
دزە دەکەنە نێو غوربەتی ماتمەوە
وشە گڕگرتووەکانم دە ئەوەندە دەسووتێن
شەوێك نەبوو هەوری چاوم بارانە فرمێسك نەڕێژێ
یادەکانت ئازیز بە شەو ژانە سوێیەکن
ئاگری ئاهەکانم بەتینتر دادەگیرسێنێ
من لەم شەوە بێ ئومێدەو بێ تۆییەدا
بێشك لە ڕۆحی خۆمدا غەوغایەك بەرپا دەکەم
ئای کە بە گومانم لە دونیای ئەم بێدەنگیە
ئەمە پرسەی شەوە
یاخود مردنی گۆی زەویە

٢٠٠٩/٦/٦ سلێمانی

# پەپوولە سپییەکان

ڕەوە پەپولەی بەفر ڕۆحیان لە شەونم تەڕترە
لە توانەوەی خۆیاندا تێرتێر ئاو دەخۆنەوە
تۆ تەماشا بەم نیوە شەوە پیرە کزە با کلۆی بەفر چۆن ڕاو دەنێ
من لەبەردەم پەنجەرەکەمدا بە ماخۆلانەوە چاوم دەبڕمە کۆچی هەوران
لە مندالّیمەوە ئەم عەشقە ئاوێتەی ڕۆحمەو
تەمەنم لەگەڵیا بالاّی کردووە
من کە لە شەوێکی وەها بەفرانباردا جاویدان بم
هەناسەی دەیان ئاواتی پەژموردە هەڵدەکێشم
بێ شك لە چاوەڕوانی وەرزی بەهارێکدام
بەم عەشقە سەرسەختەوە
باوەشێك لە گوڵ بچنم
هەر بارینی بەفرانبارێ
خەمێکی سوورم دەپشکوێ
منیش دەشتی دڵم
هەزاران گوڵی ئاڵۆوالاّی لێ دەڕوێ
دە ببینە چەند جوانە ئارەزووی من
ئەی ولاّتی ڕەنگینی من
تۆ سیحرێکی هەردەم نەمریت
ئەمڕۆ بارینی دوونیایەك پەپوولە بەفر بیت
بۆ سبەیش پیرۆزترین بەهارو نەورۆز
بە پرچی پەلکەزێڕینەوە لەخۆ دەگرێت

٢٠٠٩/٢/٨ سلێمانی

# پیاسەی ژنێك لەئاوێنەدا

وا بەیانەو ئاوێنەکەم مۆنالیزایەکی لەخۆ گرتووە
دڵۆپ – دڵۆپ دەڕژێتە سەر سیمای گەشم
هەر پەنجەی ناسکەو
بەنقێمی شینەوە
لە چیمەنی پرچی سەوزیا شەنو کەویەتی
بزێو – بزێو
هەندێ سات زۆر بە ئارامی
لەخۆی دێتە پێشیو
بە قەڵەمی سوراوێك
ڕەنگی لێوی مەستانە دەڕێژێ
پێڵوی چاوی هەر بەو چەشنە دەنەخشێنێ
هەر دەڵێی هەڵاڵەی مۆرە
لە بەهارا باران تەڕی کردبێ
ئەوەندە هەناوی گەرمە
چەشنی خۆرێك تیشك دەڕێژێ
بە ئاسمانی پیرۆزەیدا زەمەن لەگەڵ خۆیدا دەبڕێ
تۆ تەماشا چۆن چاوەکانی لەگەڵ گزنگدا تێکەڵ بووە
گوڵە نێرگز لە ئاستی چاوانیا سەرسام بووە
ژنێك لە هیوایەکی نوێدا تیشکی ئاوێنە پەیامی پێداوە
پەیامی چیتر دیل نەبوون
بە عەشقیدا هەڵژناوە
تۆ چەند لە ئاوێنەدا دیاری ئەی ژن
لە چاوانی مندا سەد ئەوەندە دیاری
وەك شۆڕشێکی مەزن


سلێمانی ٢٠٠٩/٣/١١

# رووخساری چیا پاییزییەکان

به قەدپاڵی چیاکانەوە سێبەری پەڵە هەورو
گورزەیەك لە تیشکی خۆرەتاو لەیەك ئالاون
بۆنی عەتری خاكو خۆڵ دەكەن
جارێکی تر لەگەڵ ڕێژنەی تازەباراندا
دەیدەنەوە لەپرچی چیاکان
چیا بە چیا دۆڵ بە دۆڵ پڕ دەبێ لە بۆنی ئەم ئاوێتەبوونە
دونیای پایز بە بەرگێکی نوێ وە
کەشەلالە بەنمەی فرمێسکەکانی فریشتە
پێمان دەڵێ
لەسەرەوە
عەشقێك دەژیو لەهەناوی دا ئاخەکانی دەکاتە بایەکی بزێوو
قژە زەردەکانی بوکی پایز دەشێوێنێو
گوڵە ئەستێرەکانی سەر گۆنای
ئەنێرێ بۆ ئامێزی گەڵای دارەکانو
ئاڵتونیان دەکا

٢٠٠٩/١١/١٢ سلێمانی

# شاعیرێکی کەڵەگەت لە زەمەنێکی خەساودا



یاخی بوونێك لە ئەوینیا بێ سنوورەو
ئۆقیانووسێك خەونی شیرینی پێیە
دەریایەك توورە بوون لە گۆمی چاوانی شینیدایە
هێشتا ئەو لەم زەمەنە خەساوەدا
ڕاستگۆیانە دەژی
پەنجەی ڕقی دەخاتە سەر بابەتی بێ ئاوازو
بە هەموو توانایەوە نەفرەتی لێ دەکات
ئەو تا ئێستاش ساتە سەرکێشەکانی بە یادی جارانەوە دەباتە سەر
خەون بە سەردەمی پیرەمێردەوە دەبینێ
نیگای چاوی هەردەم بۆ گۆرانو زێوەر هەڵدەبڕێ
کە ناگەڕێنەوە بۆ ئەم هەوارە پڕ لە کۆمیدیایە
دونیای ئارەزووی هێندە شیرینە بەرەو کوێستان سەر هەڵدەگرێ
ئەو هەمیشە لە وەسفی (باڵدار)دا بە ویژدانەوە پێناسەی خۆی دەداتێ
ئەو کەس لەم زەمەنە گەندەڵەدا بە نالیو سالمو کوردی نازانێ
ئەوەندە نوسەری ساکارو کاسە لێسی دیوە
هەر کە گوێ بیستی ناوی دەبێ
ڕووخساری سەراپا سوور هەڵدەگەڕێ
ئێوەش دەیناسن سەردەمێکە لەم شارەدا
چاوانی شینی چەشنی دەریای خەمەو
بەندەرێکی پڕ لە هەورو بایە

ئاگرێکە گەش گەش داگیرساو
کە جارێ تر مەحاڵە ئاو بە سینەیدا بکرێ
ئەو قەڵەمێکە بە ڕەچەڵەك دەچێتەوە سەر بروسکە
سووتان لە دوای سووتان
پیرۆزترین ڕووناکی بە شەو دەبەخشێ
بەم هەموو شەوە زەنگەی زەمەنەوە
لەم عەرشە بێسەرو بنەدا
ڕۆحی گەرمی مەشخەڵان ئاسا دادەگیرسێ
بەفر ئاسا لە نێو گڤەی بادا دیارە
درەختێکی هێندە بەژن سەوزە
لە نێو تەم تووماندا هەرگیز وون نابێ
بۆ هەمیشە شاعیرێکە بە ڕەگەز نەوەی شۆڕشەو
دیوەخانی گەرمی بە بیرەوەریەکانی شەهید ئارامەوە دەئافرێنێ
کەس ناتوانێ پیرۆزیەکانی داگیر بکات
هێندەی ئەم هەسارە گەورەیەی گەردوون
هەڵوێستی پاكو جوانی پێیە
لە هەر قوژبنێکەوە گەندەڵی قەڵەمو وشە
بە دوو ڕوویی سەرهەڵبێنێ
ئەو بە قەڵەمێکی بێ باكو بێدارەوە
ئەژنۆی قەڵەمی دەشکێنێ

١/١/٢٠٠٩ سلێمانی

# شەوانی مەستی پاییز

من پێکی شەو دەخۆمەوە
شەویش پێکێکی ڕۆحی من
من لە باوەشی ئەو نەسیمە پاییزیەدا
برینی عەشقم دەکولێتەوە
ئەوە منم لەم شەوە مەستەی پاییزدا
بەرەو ئەو جیهانە بێ دەنگو ماتە دەکەومە ڕێ
ئەو بۆ ئاسمانێکی ترو
منیش بۆ کیشوەرێکی تر پۆلە مەلی ڕۆحم دەفڕێ
دەی دەی پاییز
پێکی لەشەونمی شەوتم بەرێ
یا لەتنۆك تنۆك بارانەکانی سەرپەڵەت
نەبادا ئەم مەستیە
دواهەمین ماڵ ئاوایی
ئەم شەوم بێ

٢٠٠٩/١١/٢٤ سلێمانی

# شەوانی دابڕان

کەس نییە وەك من بزانیٚ
شەوەکانی دابڕان
تا سەحەر دووریان چەندە؟
ئەی ئەستێرە خەمینەکان
ئێوەش لەگەڵ بێداری مندا
هاوبەشی ئەو ئازارو پەژارەو ژانەن؟!
باڵای بیٚ سنووری شەو و زامی دووریو دابڕان
بە پەنهانی دەمکەنە گریان
ئەریٚ ئەی شەو یار لە من ڕۆشتوو
بوکی تریفەش لە تۆ
وەرە با بە جووت سەرکەینە گریانیٚ
مەراقم ئامێزی پێخەفی گەرمەو
کەچی لەشی ساردم دەڵێی ساردترین شەتاوی بەفراوانە
هاوار دۆستان خەوم نایە
بارتەقای جیهانێك ژان لە دڵمایە
ببەخشە ئەی شەو
تۆش پەرێشانی بە ئەندێشەی سەختی منەوە
ئەوەتا واتۆش لەگەڵ تەنیاییما ئێشك دەگری
من لەئێشو ژانا باڵا دەگرم
تۆش لەخەمی رەشت
لەئاسمان کەڵەگەتری

٢٠٠٩/١/٧ سلێمانی

# تار ژەن

تۆ ئەی تارژەن
من چۆن بەرائەتە بێگەردەکانت بخوێنمەوە؟!
تۆ لە ئاوی کانیاو پاکژتری
کە پەنجەی تۆ تەلی ژێ دەنوسێتەوە
لە هەستو نەستما جارێ تر لە دایك دەبمەوە
دە پێم بڵێی
ئەوە ئاگرە لە دڵتا
یا بەفری چیایەکە بە تینی خۆر دەتوێتەوە
ئەی تارژەن دەسا بژەنە بۆ شکایەتو دەردی دڵ
من لە هەموو ساماڵێکدا خۆری داگیرساوت دەبینم
تۆ لەم نیوە شەوە غەریبیەدا مەستانە دەڕژێیتە نێو ئەلبومی یادگارەکانم
ئەی خۆشترین ئاوازو شنەی با
ئەوە بۆنو بەرامەی ژوورەکەی ئارامە
یا بۆنی گوڵستانێك لە بەهەشتی خودایە
کە ئارام دەدا بە گیانم
لە بەزمی مانگە شەوێکدا
بە هەزاران لوتکەی خەیاڵدا عاشقانە هەڵدەزنێم
چەپك چەپك لە ئاوازی بیرەوەری یەکانم دەچنم.
دەڕۆمەوە نێو دونیای مناڵێمو
خەو بەڕوخساری فریشتەکەمەوە دەبینم
٢٠٠٩/٢/١٦سلێمانی